
ساڤایا لەبارەی هەرشەکەی کرمڵ: ڕوبەڕووی هەر گروپێکی چەکداری نایاسایی دەبینەوە لە عێراق



مارك ساڤایا، نوێنەری تایبەتی دۆناڵد تره‌مپ، سەرۆکی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق لەبارەی هەرشەکەی سەر کۆلگەی کرمڵ ڕایدەگەیەنێت کە دەبێت حکومەتی عێراق ناسنانەی هەرشکارەکان دەستنیشان بکات و دەشێت، شوێنپێی هەمو گروپە چەکدارە نایاساییەکان لەعێراق هەڵدەگرین، ڕوبەڕوویان دەبینەوەو سزایان دەدەین.

مارك ساڤایا، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە ڕاگەیەندراوێکدا وتی، "ئەو گروپە چەکدارانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی و بێ ئاگادای دەرەکی و دوژمنکارانە دەجوڵێنەوە، دوێنێ هەرشیان کردە سەر کۆگای غازی کرمڵ."

ئاماژەی بەوەشداوە"دەبێت حکومەتی عێراق ناسنامەی ئەوانە دەستنیشان بکات کە بەرپرسیارن لەم هەرشە و ڕوبەڕووی دادگایان بکاتەوە."

جەختیشی کردەتەوە"با ئەمە زۆر ڕون بێت: هیچ شوێنێك بۆ گروپە چەکدارەکان نییە لە

عێراقێکی خاوەن سەروەریی تەواودا. ئەمریکا بەتەواوەتی پشتیوانی لەمەڕ دەکات. شونپێی هەمو گروپە چەکدارە نایاساییەکان و هەمو پشتیوانیکارانیان هەڵدەگرین، روبەڕوبیان دەبینەوەو سزایان دەدەین."

ساڤایا وتوشیەتیە"ئەمریکا پشتیوانی لە کوردستانێکی بەهێز دەکات لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتو و سەقامگیردا. هانی بەغدا و هەولێر دەدەین کە هاوکاریی ئەمنییەکانی نێوانیان قوتربکەنەوەو لە نزیکەوە کاربکەن بۆ پاراستنی ژێرخانی سەرەکی ئابوری و وزە."

نێردەی تەرمپ هەمای بۆ ئەوەش کردوە "ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پابەندبونی پتەوی خۆی بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق لە بەرزکردنەوەی توانا بەرگرییەکانی و بنیاتنانی هێزە نیشتمانییەکانی دوپاتدەکاتەوە."

وتوشیەتیە"پێکەوە بەردەوام دەبین لە پاراستنی سەرچاوەکانی عێراق و بەرگریکردن لە سەروەری عێراق و دەستبەرکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ هەمو هاوڵاتیانی."